# پەكەكە پاكتاو ناكرێت

عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمكی

فۆاد حسێن، سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، بۆ جارێكی تر سیاسەتی دوژمنكاری دژ بەتەڤگەری ئازادیخوازی گەلی كورد پەیڕەو دەكات. بێگومان ئەم هەڵوێستە نێگەتیڤانەی سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی دەرەوەی ئەوەی خزمەتكردنە بەدوژمنانی گەلەكەمان هیچی تر نییە، لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ئەوەبوو شەكرێكی گەورەی شكاند لەیەكێك لەلێدوانەكانیدا گوتوویەتی (ئەگەر ئێمە بتوانیین پەكەكە پاكدەكەینەوە) بەشێوازێكی دوژمن ئاسا باسی لەو بزووتنەوەیە كردووە، ئەم گوتنەیەش بەدڵنیاییەوە ڕازیكردنی دڵی نەیارانی كوردە، حەقیقەتێك هەیە پێویستە ئیشارەتی پێ بكرێت (فۆاد حسێن) بۆ خۆی و حكومەتەكەی و هەموو دونیا دەزانێ كە (پەكەكە) تاقە هێزە ئەوڕۆكە لەگۆڕەپانەكەدا بوونی هەیە و تەڤگەرێكە خەباتی هەیە، لەهەموو بەشەكانی كوردستان ئەوا بۆ چەندین ساڵیشە دەچێت ئەو خەباتە پیرۆزەی بەردەوامە و بەردەوام دەكات، بۆیە نە بەحكومەتەكەی (فۆاد) و نەبەهیچ هێزێكی دیكە ئەو توانایییەی تێدا نییە كە (پەكەكە) پاكتاوبكات، بەڵگەش بۆ ئەمە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر هێز و لایەن ویستی بەكردەوە ئەو حەرەكەتە لەناو بەرن، بەڵام هەموو هەوڵەكان پوچەڵ كرایەوە سەركەوتنیش هەر بۆ (پەكەكەی)ە.

ئەم لێدوانە نا پێویستەی سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی سەرۆكایەتی هەرێم كە دژی بزاڤێكی كوردی كردوویەتی كە تاقە تەڤگەرە لەسەر پێی خۆی ماوەتەوە بێ ئەوەی هیچ لایەنێك بتوانێت یاری پێوە بكات، بەڵام حكومەتەكەی سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی و خۆشی بوونەتە دەسكەدەلای وڵاتانی دەوروبەری ئێراق و تۆپێكن هەر ڕۆژەو وڵاتێك یاریان پێ دەكات و سەرجەم ئەو وڵاتانەش كە یاری بەو تۆپە دەكەن هەموویان گۆڵ و هەدەفی زۆر گەورە دەكەن، چونكە مودەرییەكانی هەرێم خەشیمن، بۆ ئەمەش دەبێت خۆیان لەو خەششیمییە ڕزگار بكەن، ئەگینا وەكو ئەو تۆپەیان لێ دێت كە چەند ساڵێك لەمەوبەر هەردوو هەڵبژاردەی ناشئینی ئێراق و بەرازیل یاریان كرد ئەو تۆپە ببووە هۆی ئەوەی چەندین گۆڵی بەهێز لەئێراق بكەن، ئێراقیش بووە فلیم ئاسا، بەئەمەش نەك حكومەتەكەی (كاك فۆاد) وەكو ئەو یارییەی لێبێت پێویستە، ڕاهێنەرەكانی خۆیان ڕاست بكەنەوە یان بگۆڕێن یانیش هەڵەی واگەوەرە نەكەن. كە بەرەو هەڵدێریان ببات.

دیار بۆ جاری یەكەم نییە كە مسئوولی حكومی و ناحكومی هەرێم ئاخاوتن و لێدوانی چەوت دەدەن دژ بەبزاڤی ئازادیخوازی گەلی كورد بەرابەرایەتی (پەكەكە) ئەمەش نەك تەنها شاشێتییە، بەڵكو سیاسەتێكی قرێژ و ڕووخێنەرە دژ بە كورد و كوردایەتی بەڕێوەی دەبن. ئەوەش ئاشكرای لای هەمووانە كەتاقە هێز لەگۆڕەپانەكەدا بوونێكی كارێگەری هەبێت هەم لەرووی دیبلۆماسییەوە هەمیش لەرووی سەربازییەوە (پەكەكەی)ە، بۆ بەدەستهێنانی مافەكانی تەواوی گەلی كورد تێدەكۆشێ، بۆ ئەمەش دژایەتیكردنی پەكەكە بەدژایەتی كردنی كوردان دێتەوە، دەبێت بەرپرسانی هەرێم ئەم ڕاستییە لێڵ نەكەن و نكۆڵیشی لێ نەكن. بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش من وەكو كوردێك بەواجبێكم بینی كە بێ هەڵوێست نەبم بەرامبەر هەر تەشهیرێك

**بەرامبەر بەتەڤگەری ئازادیخواوز بکرێت و پێویستە ئەم جۆرە هەڵوێستانە بەهیچ شێوەیەك پەسەند نەکرێت و رێسوا بکرێت.**